

# شانۆی هاوچەرخی ئینگلیزی

لێدوانی: عەبدوڵڵا مەحموود زەنگنە
( سلێمانی)

گومان لەوەدانییە کە شانۆی ئینگلیزی مێژوویەکی ڕۆشن و دێرینی خاوەن مۆرک و سیمای تایبەت بە خۆی هەیەو کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەبووە لەسەر سەرجەم شانۆکانی جیهان. دەتوانین بڵێین کە شانۆی ئینگلیزی توانیویەتی وێڕای هەموو ئەو بزاڤە نوێخوازانەی کە لە وڵاتانی ئەوروپادا سەریان هەڵداوە بە مەبەستی هەڵگیرساندنی شۆڕشێک، یان بڵێین شۆڕشێکی نوێ لە هونەردا، ئەم شانۆیە توانیویەتی خۆی بەدوور بگرێت لە ژێربارکەوتن و کارتێکردنی ئەو بزاڤانە، بەڵکو کولتووری شانۆیی ئینگلیزی هەروەک«د. سەمیر سەرحان» لەم کتێبەدا بۆی چووە، توانیویەتی هەر لە کارەکانی شەکسپیرەوە تاکو سەردەمی شانۆی «ئەلیزابیث» ی و تاکو دەرکەوتنی «جۆرج برناردشو»ش، بەو کولتوورە دێرینە توانیویەتی پارێزگاری لە خۆی بکات و نەکەوێتە ژێر کاریگەریی هیچ کام لە ڕەوتەکانی گۆڕانکاری و توانیویەتی پارێزگاری لە ڕەوتی سەربەخۆیی خۆی بکات. تەنانەت ئەو دەمەی لە شانۆکانی «بریخت»ی و «لامەعقوول» لەو وڵاتەدا نمایش دەکران، بەتایبەتی شانۆکانی «بیکیت» و «یۆنیسکۆ» هەر وەک د. سەمیر ئاماژەی پێ دەکات، ئەم کارانە لەڕووی کاریگەری و بونیادی هونەرییەوە هیچ گۆڕانێکی بەسەر ڕەوتی هونەری شانۆو سەرهەڵدانی خودی ڕێبازەکان لە ئینگلترادا نەهێناو نووسەرێکی شانۆ بەدی نەکرا کە لە شانۆکانیدا کاریگەری ئەم فێرگە فەرەنسییە بخوێنرێتەوە.. ئەمەش لەمێژووی ئەم هونەرەدا مەسەلەیەکی ناوازەیە، چونکە بە شێوەیەکی گشتی شانۆکانی وڵاتان کاریگەرییان لەسەر یەکتری هەبووە و تەنانەت ئەمڕۆش کاریگەریی شانۆی شەکسپیری ئینگلیزی و مایرهۆڵدی ڕووسی لەسەر شانۆکانی جیهانی هەرماوەو شانۆکاران لە سوێدو دانیمارک دەبینین بەشێویەکی جددی کارلەسەر میتۆدەکانی مایرهۆڵد دەکەن لە بواری بایۆمیکانیک و شێوازەکانی دیکەی دەرهێناندا.

بۆیە دەبینین لەم بوارەدا ئینگلترا خودانی فێرگەی تایبەت بەخۆیەتی کە کاریگەریی هیچ کام لە فێرگە ئەوروپی و جیهانییەکانی دیکەی لەسەر ناخوێنرێتەوە. کەواتە وەک «د. سەمیر سەرحان» لەم کتێبەدا ئاماژە دەکات شانۆی ئینگلیزیی هاوچەرخ قەوارەیەکی تایبەت بەخۆی هەیە لە چوارچێوەی نەخشەی گەورەی شانۆی جیهانیی هاوچەرخدا بەوەش هەمیشە ئەم شانۆیە خاوەنی ڕوئیاو شێوازی درامی جیاوازی خۆی بووە لەچاو شانۆکانی دیکەی وەک شانۆی «ناماقووڵ» و شانۆی داستانی و تۆماری و دواتریش شانۆی هاوچەرخی ئەمریکی.

دیارە ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە ئەم شانۆیە هەردەم لە بزاڤێکی چالاکانەی بەردەوامدا بووەو هیچ زەمەنێکی سڕبوونی بەخۆوە نەبینیوەو هەمیشە لەیەک ئاست و ئاراستەدا کاری کردووەو بەدەربووە لە بزاڤەکانی بووژانەوەو نوێخوازی.. بەڵکو لە زۆر کاتدا فێرگەی نوێ سەری هەڵداوەو کاری کردۆتە سەر بووژاندنەوەی هەر جۆرە سڕبوونێک کە کاری کردبێتە سەر ئاستی هونەری شانۆ بەگشتی یان یەکێک لە ڕەهەندو ژانرەکانی. وەک فێرگەی «تووڕە بوون- الغضب» کە «ئۆزبۆرت» بەدامەزرێنەری ئەم فێرگەیە دادەنرێت، دواتریش کاری چەند نووسەرێکی دیکە کە سەرجەمیان وەک تۆژەران باسی دەکەن داهێنانەکانیان لە نێو خودی هونەری شانۆی ئینگلیزیدا بووەو بەدەربوون لە کاریگەریی فێرگە ئەوروپی و جیهانییەکان. لەم کتێبەدا «سەمیر سەرحان» هەوڵ دەدات بەدواداچوونێک بکات بۆ گرنگترین مۆرک و سیماکانی شانۆی ئینگلیزیی هاوچەرخ لە ڕێی باسکردنی ئیشی هەندێک لە نووسەرە ناودارەکان و هەروەها بەدواداچوونێکە بۆ بنەما تیۆری و فیکری و هونەرییەکانی پەرەسەندنی ئەم شانۆیە هەرلە



«ئۆزبۆرن»ەوە -١٩٥٦» تاکو «ئالان ئیکبۆرن- ١٩٧٨».
کتێبەکە بەگشتی بریتییە لە دوو بەش:
لەبەشی یەکەمدا باس لە چەند کارێکی شانۆیی دەکات و لە بەشی دووهەمیشدا باس لە چەند نمایشێکی شانۆیی دەکات.
بابەتەکانی بەشی یەکەم بریتین لە:
* شانۆو مرۆڤی سالآنی حەفتاکان «گەڕانەوە بۆ سەرچاوە ڕەسەنەکان».
* شانۆی حەفتاکان.. بەرەو کوێ؟
* هارۆڵدبنتر «هەردوو شانۆیی» «تابلۆ- اللوحة»و بێدەنگی- الصمت».
* تۆم ستۆپارد «دەنگێکی ڕەسەنی نوێ».
* ئالان ئیکبۆرن «نوێترین شۆڕەسوارانی شانۆی ئینگلیزی».
* ژنە ڕووخۆشەکانی وندسوور «کۆمێدیای شەکسپیری».
لەبەشی دووهەمدا د. سەمیر باس لەم نمایشانە دەکات:
* خۆرئاوای سویس- جۆن ئۆزبۆرن.
* (أيام زمان)- شانۆییەکی «هارۆڵد بنتر».
* چۆن لە شانۆییەکدا پێبکەنین کە پاڵەوانەکەی پیاوێکی کوێرە.
* شانۆیی «چاکەتی بیجامە» و شانۆی بازرگانی.

دیارە لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا «د. سەمیر سەرحان» دەخوازێت باس لەوە بکات کە هەروەک چۆن کۆمەڵگەی ئەوروپی و لەنێو ئەوانیشدا کۆمەڵگەی ئینگلیزی لەو ڕەفزکردن و پشت هەڵکردنە لە جیهانی تەکنۆلۆژیاو ئەلیکترۆنیات و پێکهاتە شارستانێتییە هاوچەرخە ڕزگاری بوو و کەوتنە مامەڵەی ڕاستەوخۆو وەلآمدانەوەی گونجاو بۆ ئەو ڕەوت و ئاراستە نوێیەی جیهانی هاوچەرخی گرتەوە، هەربەو جۆرەش هەمان وەلآمدانەوە و قبوڵ کردن ئاراستەکانی ئەدەب و هونەر و فەلسەفەی گرتەوە، دیارە دیار نەمانی پاڵەوانی «نامۆ» و «لامونتەمی- لامنتمي»یەکەی «کۆڵن ولسن»و شانۆی «بێهودەیی- العبث» و «نامەعقوڵ- اللامعقول» هەنووکە بوونەتە کۆمەڵێک دەقی مێژوویی کە لە زانکۆکاندا دەخوێنرێن.. نووسەر ئاماژە دەکات کە یەک لە ڕەهەندەکانی ئینتیما کردنی شانۆکاران و نووسەرانی ئینگلیزی بۆ ئەو ڕەوتە نوێیەی ژیانی هاوچەرخ، بریتی بوو لە دووبارە گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکانی کولتووری مەزنی مرۆڤایەتی، دیارە نووسەر باس لە ساڵەکانی حەفتاکان دەکات- گەرچی ئەم ڕەوتە تا ئەمڕۆش لە شانۆی ئینگلیزیدا هەر بەردەوامە- نموونەش بۆ ئەوە مانەوەی شانۆو دەقەکانی شەکسپیرە لە شاری لەندەندا بە تایبەتی. هەروەها نووسەر ئاماژە دەکات کە دیارنەمانی دەقە شانۆییە «سێکسی»یەکان ئاماژەیەکی دیکەی وەلآنانی زەمەنی «لامونتەمی- لا منتمي» و «لا مەعقوول- لامعقول» و گەڕانەوەیە بۆ سەرچاوەی دێرینی کولتووری هونەری شانۆ لەم وڵاتەدا.




دیارە گۆڕینی هەڵوێست و ئاراستە لە هەموو بوارێک لە بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتیدا هۆکار و هەندێ تایبەتی خۆیان هەیە. نووسەر لەم بەشەی ئەم کتێبەدا ئاماژە بەوەوە دەکات کە ترس و دڵەڕاوکێی مرۆڤ لەوەی کە شۆڕشی ئەلیکترۆنی تەنیا مەبەستی ئەوەیە کە تەنیا لە ڕووی زانستییەوە پێشکەوتن بەدەست بێت و هەروەها کێشەو قەیرانە ئابوورییەکان و بەرزبوونەوەی نرخ و بەهای شمەکەکان و بەرمەترسی کەوتنی ئاسوودەیی و ئاشتی و بەختەوەریی تاک و کۆمەڵگە لە میانەی گۆڕانکاری لە پێوەندییە نێو دەوڵەتییەکاندا و سەرهەڵدانی سیستەمە جۆراوجۆرەکانی نێو دەوڵەتی، لە ئاستی هەموو ئەمانەدا مرۆڤی ئەوروپی بە شێوەیەکی گشتی ناچارکراوە کە بکەوێتە سۆراخی بەها چەسپاوەکان، ئەو بەهایانەی کەوای لێ دەکات ڕوئیای ڕوون و هەستێکی ئەوتۆی پێ دەبەخشێت کە لەسەر زەوییەکی تۆکمەو بەتین ڕاوەستاوە.. هەروەک نووسەر ئاماژەی پێ کردووە. دیارە ئەم هەڵوێستە بواری هونەری شانۆیشی گرتەوە و لە ناوەڕاستی حەفتاکانەوە شەپۆلێکی گەڕانەوە بۆ چوارچێوە کلاسیکی و تەقلیدییەکە هاتە ئاراوە کە لە شەستەکاندا بەهۆی ڕەوتی «لامونتەمی»و «لامەعقوول»ەوە ڕەفز کرابوو.

دیارە هەر لەم بەشی یەکەمدا نووسەر ئاماژە بە چەند نووسەرێکی وەک «هارۆڵدبنتر» و دەقە شانۆییەکانی «تابلۆکە- اللوحة»و «بێدەنگی- الصمت» دەکات و چەند دیمەنێکی کردۆتە نموونەی باسەکانی.

لە بەشی دووهەمیشدا باس لە چەند دەقێکی شانۆیی دەکات هەروەک ئاماژەمان پێدا.

لە کۆتاییدا دەڵێین: هەرچەندە جێی داخە کە هەلومەرجی هەنووکەی ئابووری و سیاسیمان تا ڕادەیەکی زۆر کاریگەریی هەیە لەسەر سڕکردنی ڕەوتی ڕۆشنبیریمان، بەڵگەشمان بۆ ئەمە ڕاگرتنی بەشی زۆر چالاکییە هونەرییەکان و بەڵکو ڕاگرتنی ژمارەیەک لە گۆڤارو کۆڕو کۆبوونەوە هونەری و ئەدەبی و فیکرییەکانمانە، بەلآم دەتوانین سوود لەم جۆرە کتێبانە وەربگرین و لەرێی دیراسەکردنیانەوە دەتوانین سوود بە هونەری شانۆی کوردی بگەیەنین و قۆناغەکانی دیاری بکەین..❖

**کتێبی: المسرح الانگليزي المعاصر.**

**نووسینی: د. سمیر سرحان.**